سەردار فەتاح ئەمین

سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات

Amsterdam Holland

تاراوگە

TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەرئەچێت

10 Oktober 2018

Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl

ژمارە 13

ساڵی یەکەم 10 ئۆکتۆبەری 2018


# پێشانگەی نێو دەوڵەتی کتێب لە فرانکفۆرت لە 10-10 تا 14-10 -2018 بەردەوام دەبێت

## کورد لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرتدا

**یووسف ئەحمەد مەنتک**

ئەمساڵیش وەک ساڵانی دیکە، پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە فرانکفۆرت لە 10-10 تا 14-10- 2018 بەردەوام دەبێت.

بەشداری کورد لەپێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی فرانکفۆرت بۆ ساڵەکانی (١٩٩٠) دەگەڕێتەوە، ئەوکات هەوڵەکان لەسەر ئاستی تاکەکەسی و چەند دەزگەیەک بوون. لەسەر ئاستی دەزگەدا، هەردوو دەزگەی (میزۆپۆتامیا) و (نودەنگی کۆمکار) بوون.

**بەشداری وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

بیرۆکەی بەشداری وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠٠٣) دەگەڕێتەوە. ئەویش بە هەوڵی ئەندامانی (ناوەندی زانین و رۆشنبیریی کوردی) لەشاری مانهایم لە ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە، لە پێناو خزمەتی کلتوری کوردی.

لە ساڵی(٢٠٠٤)وە وەزارەتی رۆشنبیریی بە بەردەوامی بەشدارە، تەنیا ساڵی(٢٠٠٨) بەشدار نەبوون، لەم ساڵەدا بەشی چاپەمەنی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ک) بەشداربوون. لەساڵی (٢٠٠٩)ە وە وەزراەتی رۆشنبیریی رۆڵی سەرەکیی لە بەشداریکردندا بینیووە. لە ساڵی (٢٠١٥)ەیشە پانتایی ستاندی کوردستان لەنێوان (٤م، ١٦م،٢٠ م، ٢٤م، ٤٨م، ٦٤م،–١٢٠م) بووە.

لە ئاستی دەزگەی سەربەخۆدا، لە باشووری کوردستان، لە ساڵی (٢٠٠٧)دا دەزگەی (خاک)، لەلایەن کارگێڕی پێشانگە داوەتکرابوون.

لەم چەند ساڵانەی دواییشدا چەند دەزگەیەکی دیکەیش وەکو دەزگەکانی: بەدرخان، تێنووس، کوردستان٢١، ڕووداو، هێڤی گروپ– کوردەواری، ڕادیۆی کورد ئێف.ئێم لە ئەڵمانیا، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ماد، پارێزگاری هەولێر بەرێوەبەرایەتی گەشتوگوزار، ڤی گروپ بۆ گەشتوگوزار، کۆمپانیای وشە – بزوتنەوەی گۆڕان، چاپەمەنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک)، تەفسیر بەشداربوون.

ئەوەی جێی گوتنە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت ساڵانە لە مانگی ئۆکتۆبەر دەکرێتەوە.

ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگە بە ئامادەبوونی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و سەرۆکی وڵاتی میوان، یان باڵوێز و وەزیری دەرەوە و سەدان کەسایەتی و نوسەر و رۆژنامەنووس و بەشداربووانی پێشانگە، ڕۆژێک بەر لە کردنەوەی پێشانگەکە ئەم ئاهەنگە بەرێوەدەچێت.

وڵاتی میوان لە هۆڵی (پاڤلیۆن) هەر پێنج ڕۆژی پێشانگەکە باشترین و جوانترین و سەرنج ڕاکێشترین بەرهەمی کلتوری وڵاتی خۆی پێشکەش بە میوانان دەکات.

ئەم پێشەنگەیە ساڵانە دەروازەییەکی گرینگی کلتوری و فەرهەنگییە بۆ کورد، لەوێوە کورد دەتوانێ نوسەران و بەرهەمی ئەدەبی و کلتوری خۆی بە دنیا بناسێنێت.



## کورتە ناساندنێکی پەڕتووکی سەوزی قەزافی

نوسەر: مەحەمەد موعەممەر قەزافی، ١٩٤٢ – ١٩١١

نوسینی بەختیار شەمەیی- ئەمستردام




موعەممەر قەزافی، سەرۆکی تیرۆرکراوی لیبیا، ساڵی ١٩٧٥، دوای کودێتا سەربازییەکەی، کە بەسەر ئیدریس سنوسیی پادشای ئەوکاتەی لیبیادا کردی، وەک چاولێکردنێک لە پەڕتووکی سوری ماوتسی تۆنگ، پەڕتووکی سەوزی لە سێ بەشدا نووسی و ئەم پەڕتووکە لەو کاتەوە، وەک ڕاگەیاندنەکانی لیبیا باسیان کردووە، دوای قورئان، بوو بوو بە گرنگترین و پڕتیراژترین پەڕتووکەکانی لیبیا و ساڵانە لەلایەن (بنکەی جیهانیی بۆ لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی پەڕتووکی سەوز)، بە هەزاران دانەیان بە خۆڕایی بەسەر نوسەران و ڕۆشنبیران و فەرمانبەران و مامۆستا و خوێندکارانی لیبیدا دەبەخشییەوە. هەروەها لەزۆربەی وڵاتە عەرەبییەکانشدا ڕەواجی پەیدا کردبوو و لە پڕفرۆشترین پەڕتووکەکان بوو.

پەڕتووکی سەوز، پێکهاتووە لە سێ بەش: ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی. شایانی باسە لەو کاتەوە وڵات و کۆمەڵگەی لیبی بە پێی ناوەڕۆکی ئەم پەڕتووکە بەڕێوە دەبرا، هیچ کەس و لایەنێک بۆی نەبوو و نەیاندەتوانی ڕەخنە لەم پەڕتووکە بگرن یان ناوەڕۆکەکەی بە کردەوە جێبەجێ نەکەن!؟

قەزافی لە پەڕتووکی سەوزدا، کورتەی بیروباوەڕەکانی خۆی لەسەر سۆسیالیزم و لیبرالیزم و دیمۆکراسی بەیان کردووە و گەڵێک بیروڕا و بۆچوونی سەیروسەمەرە و دژبەیەکی تێدا جێکردووەتەوە.

لە بەشی یەکەمدا باسی ئەوە دەکات کە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیی میللەت لە خەڵک خەڵەتاندن زیاتر هیچی دیکە نییە و دژی ئازادی دیمۆکراسییە. هەروەها دەڵێت، حیزب و حیزبایەتی شێوەیەکە لە شێوەکانی دیکتاتۆرێتیی هاوچەرخ و زیان بە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگەیەنێت. لە بەشی دووەمدا کە باسی کێشە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە دەکات، دەڵێت: کێشەی بنچینەیی لەنێوان کرێکار و کارفەرمادایە و باس لە ئازادیی کار و شێوازەکانی بەرهەمهێنان و شوێنی نیشتەجیبوون و زەوی و خانوبەرە و مووچە و ئامڕازەکانی بەرەمهێنان و هۆیەکانی گواستنەوە دەکات و دەڵیت هیچ کەس مافی خاوەندارێتیی ئەو ئامڕاز و هۆکارانەی نابێت هەبێت. لە دواهەمین بەشیشدا باس لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی لیبی دەکات و هەندێک لە بیروڕاکانی خۆی سەبارەت بە خێزان و دایک و باوک و کچان و ژنان و منداڵان و دابونەریتی کۆمەڵگە ئاشکرا دەکات. شایانی باسە قەزافی لەم بەشەدا بۆچوون و بیروڕای زۆر خراپ لەسەر بابەتە کۆمەڵیەتییەکان دەردەبڕێت و لەبارەی ئافرەتان و مافەکانیانەوە نووسیویەتی کە: شوێنی ڕاستینەی ئافرەتان ماڵەوەیە، چونکە دانانی ئافرەتان لە شوێنی کارکردنی پیاواندا، دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی ژنێتی و جوانیی ئەوان. ئەگەرچیش قەزافی خاوەنی ئەم بیروڕا نەرێتییانە بوو لەسەر ئافرەتان، بەڵام هەمیشە دەوربەرەی خۆی بە ژنانی جوان تەنی بوو و پاسەوانی جوان لە جوانترین کچەکانی لیبیا دەورەیان دابوو و هەموو دەسەڵاتێکیشی پێدا بوون!؟ بە کورتییەکەی پەڕتووکی سەوزی قەزافی، پڕە لە ڕستەی سەیروسەمەرە و دژبەیەک و هەر جارەی لە ئاوازێک دەخوێنێت!؟ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەتا قەزافی خۆی لەسەر کورسیی دەسەڵات بوو، پەڕتووکی سەوز، وەکو پەڕتووکێکی پیرۆز و بەرنامەی ژیان سەیر دەکرا و لە هەموو زانکۆ و ئامۆژگا و خوێندنگەکانی لیبیادا، وەکو وانە دەخوێندرا.

تێبینی: یەکەم جار، پەڕتووکی سەوزی قەزافیم لە ساڵی ١٩٨٨ لە مۆسکۆ بە زمانی کوردی خوێندەوە، ئەویش لەلایەن برایەکی بەڕێز و ئەندامێکی نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بەدەستم گەیشت و وادیار بوو، هەر ئەوان خۆیان بە وەرگێڕان و چاپیان گەیاندبوو.(بورهان قانع کتێبی سەوزی کردووە بە کوردی لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی ناوەندی ی.ن.ک) ئێستا ئەم پەڕتووکەم بە کوردی لەبەردەستدا نییە و بۆ نووسینی ئەم چەند دێڕە، سوودم لە چاپە هۆڵەندییەکەی و ویکی پێدیا وەرگرتووە.

Het Groene Boekje, Muammar al–Gaddafi, Door: Derek Henry Flood

ئایا وەک کورد...قەزافییەک و پەڕتووکێکی سەوزمان پێویستە..؟

هەرچەند دەیهێنم و دەیبەم، دیمۆکراسی بەکەڵکی میللەتی ژێردەستە و چەساوە و بێ دەوڵەت و نیشتمانداگیرکراو نایەت. ئەو ٢٧ ساڵەی ڕابووردووی باشوری کوردستان تەواو سەلماندیان، کە ئێمە و فرە حیزبی و دیمۆکراسییان نەوتووە!؟ سەرۆک معەمەر قەزافی، کە زۆربەی سەرۆکەکانی وڵاتە عەرەبییەکان بیرکردنەوەیەکی نەرێنیانەیان بەرامبەری هەبوو، بەڵام قەزافی توانی بەهۆی باڵادەستیی خۆی و جێبەجێکردنی یاسا و چارەسەرەکانی پەڕتووکی سەوزەوە، ٤٠ ساڵ کۆمەڵگەی لیبی و وڵاتی لیبیا بەڕێوە بەرێت. سەردەمی فەرمانڕەوایی قەزافی هیچ هاونیشتمانییەکی لیبی بێ کار و بێ شوێن و بێ کارەبا و بێ ئاوی خاوێن و بێ خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تر نەبوون *. هەموو کەسێک کار و شوێنی ژیان و مووچە و بژێوی ژیانی بۆ دابینکرابوو. ئێستا زۆربەی زۆری هانیشتمانیانی لیبیا دوای نەمانی قەزافی و کارنەکردن بە پەڕتووکی سەوز، لە خراپترین بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدان. میللەتی لیبی بەگشتی، بە ئاواتی قەزافییەکی ترەوەن و بۆ سەردەمی فەرمانڕانیی ئەو سەرۆکە دڵسۆزەیەیان پەشیمانن!؟

* ئێمە وەک بڵاوکراوەی تاراوگە لەگەڵ ئەم بۆچوونانەی نوسەردا نین، تەنها وەک ڕای ئازاد نوسینەکەیمان بڵاوکردۆتەوە، تاراوگە ڕای جیاوازی بەرانبەر بەم سەرکردە دیکتاتۆرە هەیە، هەرچەندە لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا پەیوەندی باش بووە، بەڵام لەسەردەمی ئەودا، هەزارەها مرۆڤ لەسەر ڕای جیاواز، وەک صەدام حسێن لە ناوی بردوون و هەزارەها ژنان اغتصاب کراون.

# قەزای کفری لە سەرژمێریساڵی ١٩٤٧دا

| یەکەی کارگێڕی | ناوی شارۆچکە | ژمارەی دانیشتوانەکەی | ژمارەی ئاواییەکان | ژمارەی دانیشتوانیان | موسوڵمان | جولەکە | کۆی گشتی دانیشتوان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەزای کفری | کفری | ٤٦٨١ | - | - | ٤٤١٥ | ٣٣٦ | ٤٧٥١ |
| ناحیەی پێباز | پێباز | ٥٩٥٩ | ٦١ | ٥٩٥٩ | ٥٩٥٩ | - | ٥٩٥٩ |
| ناحیەی قەرەتەپە | قەرەتەپە | ٢٧١٤ | ٩٨ | ١٨٣٣٢ | ٢٠٩٨٢ | ٨٧ | ٢١٠٦٩ |
| ناحیەی شێروانە | سەرقەڵا | ٢٧٣ | ١٣٠ | ١٦٢٢٩ | ١٧٥٤٥ | ٣ | ١٧٥٥٧ |
| کۆی گشتی | ٤ | ٧٦٦٨بەبێ بیپاز کەدیار نیە. | ٢٨٩ | ٤٠٥٢٠ | ٤٨٩٠١ | ٤٢٦ | ٤٩٣٣٦ |

قەزای کفری، لە سەردەمی عوسمانیدا ناوی سەڵاحیە بوو، لە کاتی سەرژمێری ١٩٤٧دا لە ناوەندی قەزا و ناحیەکانی پێباز، قەرەتەپە و شێروانە پێکهاتبوو. شارۆچکەی کفری بە پێی سەرژمێرییەکە بریتی بووە لە دوو گەڕەک: ئیسماعیل بەگ، کە ژمارەی دانیشتوانی ٢٧٨٠ کەس بوونە و گەڕەکی سادەکان(السادة) کە ١٩٠١ کەسی تێدا ژیاوە. کۆی گشتی دانیشتوانی ناوەندی قەزاکە تەنها ٤٦٨١ کەس بوونە. هیچ ئاواییەک لە گەڵ ناوەندی قەزاکەدا لەم سەرژمێرییەدا تۆمار نەکراوە.

هەرچی ناحیەی پێبازە(پێواز یا باوەنور) بە هەر ٦١ ئاواییەکەیەوە ژمارەی دانیشتوانی ٥٩٥٩ کەس بووە. گرنگترین ئاواییەکانی ئەم ناحیەیە: تەپەکروز، زەردەلیکاو، جرجەقەڵا، بەکر بایف، کولیتەپە و کۆکس بوون. ناحیەی قەرەتەپە بەگەورەتین ناحیەی قەزای کفری دادەنرا. قەرەتەپەش لە دوو گەڕەک پێکهاتبوو گەڕەکی مزگەوت و گەڕەکی بازار، ژمارەی دانیشتوانی هەردوو گەڕەکەکە دەیکردە ٢٧١٤ کەس. ٩٨ ئاوایی سەر بەم ناحیە بوون، کۆی دانیشتوانیان ١٨٣٣٢ کەس بوون. گرنگترین گوندەکانی قەرەتەپە ئەمانە بوون: کوڵەجۆ، مەحمولە، عەلی سەرای سەروو، عەلی سەرای خواروو، کارێزەکۆن، کۆشک، ئۆمەر مەندان، گاوری ساڵح محەمەد، گاوری بچوک، کۆکس، شیبان، کاوخۆر، ساریتەپە، خزران، کەشکۆڵی کۆن، کەشکۆڵی تازە، سیبان، شێخ بابا، سەیدەڵان و گلیتەپە. هەموو بەسەر یەکەوە لەو ساڵەدا ٢١٠٦٩ کەس لە ناحیەی قەرەتەپە دەژیان.

هەرچی ناحیەی شێراونەیە ناوەندەکەی سەرقەڵا بوو. دانیشتوانی سەرقەڵا زۆر کەم بوون و تەنها ٢٧٣ کەس بوون، لە کاتێکدا لە کەلار کە ئاواییەکی سەر بەم ناحیە بوو ١٠٦٤ کەس دەژیان. لە گەڵ کەلاردا ١٣٠ ئاوایی سەر بە شێروانە بوون، ژمارەی دانیشتوانیان ١٦٢٢٩ کەس بوون و هەموو بەسەر یەکەوە ١٧٥٦٦ کەس لە ناحیەی شێروانە ژیانیان بەسەردەبرد. کۆی دانیشتوانی قەزای کفری ٤٩٣٣٦ کەس بوون. لەم ژمارەیە ٤٢٦ جو، ٢١ کرستیان و ٢ سوببی هەبوون، ئەوانی دیکە هەموو موسوڵمان بوون. زۆربەی هەرە زۆری جولەکەکان ٣٣٦ لە شارۆچکەی کفری دەژیان و ٨٧ یانیش لە قەرەتەپە و تەنها ٣ یان لە ناحیەی شێروانە دەژیان. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەوان زیاتر لە شارەکاندا دەژیان و خەریکی بازرگانی بوون، شێروانە وەک دەڤەرێکی کشتوکاڵی بۆ ئەوان دەستی نادا، بەڵام پەیوەندی بازرگانی و ئابوریان لە گەڵ خەڵکەکەیدا زۆر بوو. هەرچەندە لە سەرژمێرییەکە باس لە پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتوان نەکراوە، بەڵام ئەو زانیارییانەمان هەیە کە ئەو دەمە بەشێکی بەرچاوی دانشتوانی شاری کفری تورکمان بوونە و لە ناو قەرەتەپەش بارەکە زۆر جیاواز نەبووە. لە هەندی لە گوندەکانیش عەرەب هەبوون، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی گوندەکان کورد بوون،



نوسینی دکتۆر جەبار قادر

لە نزیکەی ئەو پەنجا هەزار کەسەی کۆی دانیشتوانی قەزای کفریان پێکهێناوە، دەتوانین بڵێین زیاتر لە چل هەزاریان کورد بوونە.

کاتی خۆی لە بارەی پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتوانی کەرکوکەوە چەندین وتار و لێکۆڵینەوەم بەعەرەبی بڵاوکردۆتەوە، هەندێکیان لە کۆنفرانس و سیمپۆزیۆمدا لە لەندەن و شوێنی دیکە پێشکەش کراون. ئەو سەردەمانە ڕژێم مابوو و دەستمان بەئامارە فەرمی و سەرژمێرییەکان نەدەگەیشت،

بەڵام ئێستا کە هەندێ لەمانەمان لە بەردەستدان، دەتوانین زۆر وردتر لەو بارەیەوە توێژینەوە بکەین.

ئەم گوتارانە بۆیە بە کوردی دەنووسم، چونکە دەبینم ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێنەران و سیاسەتمەدارانی کورد لە بارەی ڕابردووی کەرکوکەوە، شتێکی ئەوتۆ نازانن و باوەڕیان بە لێکدانەوە و بۆچوونەکانی نەیارانی کورد هێناوە. هەندێکیان لەسەر حیسابی کوردی کەرکوک ژمارە و پێگە بە پێکهاتەکانی دیکە دەبەخشنەوە بۆ ئەوەی خۆیان بە کەسانی باش نمایش بکەن، بەقەولی خەڵکی شارە حەیاتەکە "بەئاوی حەمامەوە پیاوەتی دەکەن". ئەم خوێنەوار و سیاسەتمەدارانە، کە بۆ خۆیان ڕۆژێ لە کەرکوک نەژیاون، زۆر جار بەچاوی گومانەوە سەیری ئەم جۆرە نووسینانەی ئێمەومانان دەکەن و بە لێکدانەوەی توندڕەوی کوردانە و ناسیۆنالیستانە لەقەڵەمدەدەن. ئەمە هەندێکی بەرهەمی خۆ بەکەم زانینە و هەندێکی دیکەشی دووڕوویی و کەڵەکبازییە. بەڕێزێک پێشنیاری کردبوو، کە ژمارە و ئامارەکان لە خشتەیەکدا پێشەکەش بکەم بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر لێیان تێبگات، بۆچوونەکەیم پێ باش بوو، بەداخەوە کاتێک دامنا زانیارییەکان تێکەڵ بوون، بۆیە لامدا و هیوادارم دوای دەسکاری کردنی دایبنێمەوە.

سەرچاوە:

المملكة العراقية، وزارة الشؤون الإجتماعية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لعام ١٩٤٧، الجزء الثاني، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء أربيل، بغداد ١٩٥٤.

## عەزیز نەسین

# ئەو وتارەم دەربارەی دۆزی کورد، کە لەسەری درامە دادگا

## نوسینە مرواریەکانی بەکر شوانی



بەشی یەکەم

و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی

ڕۆژێکی سەرەتای مانگی هەشتی ساڵی 1987 لە گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"وە تەلەفۆنم بۆ کرا، بۆ وەقفی نەسین لە چاتلاجە و پرسیاری ئەوەم لێ کرا، داخۆ بۆچوونم چییە سەبارەت بە پرسی کورد، وەک پرسێکی گرنگ و ڕۆژانەی تورکیا.

بە تەلەفۆن وەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوە و وەڵامەکەم ڕۆژی 1987/8/9 لە گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"دا بڵاو کرایەوە. وەڵامە بڵاوکراوەکەم ئەمە بوو:

تا ئەم یاسایانە هەبن، بوار نییە بۆ بەڕاشکاوی قسەکردن سەبارەت بەم بابەتە. هەر ئەو یاسایانەن پرسی کوردیان خوڵقاندووە و تواناکانی چارەسەرکردنی پرسەکەیان لەناوبردووە. بە بۆچوونی من، ئەوەی پێویستە ئەمڕۆ وەک هەنگاوی یەکەم ئەنجام بدرێت، خستنەڕووی پووکاوەیی و بەسەرچوویی ئەو یاسایانە و گۆڕینیانە. نامەوێت بەئاشکرا تاوان ئەنجام بدەم؛ ئەو مرۆگەلەی ئەمڕۆ دەستیان داوەتە شەڕی چەکداری، شتێکی زۆر بەجێ نابێت ئەگەر بڵێین یاساکان بۆ ئەوان زۆر بێکەڵک بوون و قسەیەکی لەم جۆرە بوار بۆ لێکدانەوەی هەڵە دەرەخسێنێت. بۆیە سەردەمێکی ئارامتر پێویستە بۆ زیاتر بەڕاشکاوی قسەکردن. لە کاتێکدا کورد بەدەستی کورد دەکوژرێت و کورد، تورک دەکوژێت و سەرباز دەکوژرێن و ئەوانیش دەکوژن، زەمانی دۆزینەوەی چارەسەر زۆر دواکەوتووە. بە مەرجی مانەوە لە چوارچێوەی یاساکاندا دەتوانم ئەمە بڵێم: گەورەترین هەڵە ئەوەیە نکۆڵی لە سەرلەبەری گەلێک بکرێت. لە کۆنەوە نکۆڵی لەو گەلە کراوە. چەندین ساڵە بە ڕێبازی یاسایی نکۆڵی لە هەبوونی دەکرێت. هەمان گەمە بەسەر ئێمەیش هات. بولگارەکان بەهەمان فەلسەفە حسێبی نەبوو بۆ تورکەکانی ئەوێ دەکەن. لەبەرئەوەی ئێمەیش هەمان شت دەکەین، ناتوانین هەڵوێستێکی ئاشکرا و ڕوون لەبەرامبەر ڕەفتارەکانی بولگارستان وەربگرین. هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە بە گەلێک بڵێت "ڕەچەڵەکی تۆ ئەوە نییە، ئەمەیە." پێویستە شتی وا نەبێت. با ڕاشکاوانە بڵێم گەلێک هەیە بەناوی گەلی کورد. من تێکۆشانی سەربەخۆیی گەلی کورد وەک تێکۆشانی سەربەخۆیی کولتوور تێدەگەم. لایەنگری سەربەخۆیی سیاسی نیم. ئەمەم تەنیا لەبەرئەوە نییە کە لە بەرژەوەندیی تورکیایە، بگرە بەرژەوەندیی کوردیش هەر لەمەدایە. لە کاتێکدا تەنانەت کۆماری تورکیا خۆیشی تەواو سەربەخۆ نییە، دروستبوونی هەرێمێکی سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵات و مانەوەی بە سەربەخۆیی مەحاڵە. واتە کورد نابێت بۆ ڕیش بچن و سمێڵیشی بخەنە سەر. بزووتنەوەکان ئەگەر زۆر ئابووودار و سەرڕاستیش بێنە بەرچاو و لە بنەڕەت و ناوەڕۆکیشدا وابن، هێزە دەرەکییەکان ڕۆڵێکی زۆر گەورە لە ئاراستەکردنیاندا دەگێڕن.

هێزە ئیمپریالیستییەکان وەک ئەتاری گەمە بە تورکیا دەکەن. ناکۆکیی تورکیا-یۆنانستان، پرسی ئەرمەنی، سەربەخۆیی کوردەکان و پەیدابوونی هەندێک قسەی سەبارەت بە هەبوونی مافمان لە موسڵ-کەرکوکدا، هەریەکەیان کارتێکی ئەو گەمەی ئەتارییەن.

هێزە ئیمپریالیستییەکان بەپێی هەلومەرج هەر گەمەیەک لەوانەیان بوێت دەیکەن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام یاساکانی ئەمڕۆ بگۆڕدرێن و بێ هیچ مەرجێک هەبوونی گەلی کورد پەسەند بکرێت و سەرجەم مافە کولتوورییەکانیان پێ بدرێت. بەڵام باوەڕم بەوە نییە، بانگەشەی سەربەخۆیی کوردەکان لە دڵەوە بێت. بزووتنەوەکە لە ڕووی هەڵەکانی لێپرسراوانی تورکەوە بەو خاڵە گەیشتووە. تیرۆر ڕێی بەرژەوەندی نییە. تیرۆری دژ بە تیرۆریش ڕێی بەرژەوەندی نییە. ئەمە سەربەخۆیی لێ ناکەوێتەوە و چارەسەریشی لێ بەرهەم نایەت. بەو ڕێبازانەیش کە ئەمڕۆ دەوڵەتی تورک دەیانگرێتەبەر، کێشەکە چارەسەر نابێت. لەبەرئەوەی یاساکانی ئەمڕۆ هەڵەن، شێوازەکانیش هەڵە دەبن. بەدرێژایی ساڵان ڕایەکی گشتیی هەڵە خوڵقێندراوە. لە تورکیا شتێک بەناوی حەز نەکردن لە کورد هاتە ئافراندن. گەورەترین هەڵە بریتییە لە داتاشین و خستنەڕووی تێگەی مێژوویی "کورد بوونی نییە، ئەوانە تورکن." بەپێی نەتەوەپەرستیی هاوچەرخ، ناکرێت تۆ بە کەسێک بڵێیت نەتەوەی تۆ ئەمەیە. مرۆڤ خۆی بە ئەندامی چی میللەتێک بزانێت، لەو میللەتەیە. ئێستا کێشەیەک هەیە: ئەگەر تورکیا گەشەی بە هەرێمی ڕۆژهەڵات بدایە، ئایا ملیان بۆ داخوازییەکانی ئەمڕۆیان دەدا، یاخۆ نا؟ ئەگەر دوای خۆشگوزەرانیی ئابووری، مافە کولتوورییەکانیش بدرێت، پێویستیشە بدرێت، دەکرێت بارودۆخەکە بگەیەندرێتە خاڵێکی نەرمتر. حکومەتی ئەمڕۆ ناتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات، چونکە حکومەتێکە دوور لە ڕێبازی کاری زانستی. بە هەڵوێستی نازانستی چارەسەری ڕیشەیی بۆ کام کێشە دەدۆزرێتەوە؟

# پێویستە زۆر ئاقڵانە بیر بکرێتەوە. چ تورک و چ کورد پێویستە زۆر هۆشمەند بن. شەڕی سەربەخۆیی بەو جۆرە نابێت.

ئەمە کێشەیەکی نوێش نییە. ئەگەر لە ڕابردوودا بە گرتنەبەری شێوازی زانستییانە چارەسەر بکرایە، هەردوو گەل بەباشی چارەنوسی خۆیان یەکدەخست، پێکەوە دەژیان و کار نەدەگەیشت بەو ئاستەی کە ئەمڕۆ پێی گەیشتووە. شتێکی ڕاستیش نییە ئەگەر گەلی کورد ئەو بزووتنەوانە بە هی خۆی بزانێت. بەڵێ بە کرۆک بزووتنەوەی کوردن، بەڵام باوەڕم وایە کۆمەڵێک هێزی دەرەکی هەن ئەو بزووتنەوانە هەڵدەسوڕێنن. ئەوانەی خوازیاری سەربەخۆیی کوردن، هەڵە دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا داواکارییەکانی تریان زۆر ڕاستە. ئەنجامی داوای سەربەخۆیی وەک ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە، ئەوەیە سوپا دەچێتە ئەوێ و کۆتایی بە کارەکە دەهێنێت، ئازار دەگەیەنێت، بەڵام چی ڕوودەدات؟: سوپای تورک دەبێت بە بکوژ، نەتەوەی تورک دەبێت بە ئیمپریالیزم. سوپا ناخوازێت بکەوێتە ئەو ڕەوشەوە. نایەوێت شەڕ ڕووبدات. بگرە هێزە ئیمپریالیستییەکان ئەوەیان دەوێت و زەمینەی بۆ خۆش دەکەن. بۆیە پێویستە زۆر ئاقڵانە بیر بکرێتەوە. چ تورک و چ کورد پێویستە زۆر هۆشمەند بن. شەڕی سەربەخۆیی بەو جۆرە نابێت.

ڕێگەی چارەسەر بە پەسەندکردنی هەبوونی کورد و پەسەندکردنی ڕاستیی مێژوویی و زانستیدا تێدەپەڕێت.

***


بە کوشتنی ژن و منداڵ و پیاوی نەوەت ساڵان نابێت. ئەم ڕەفتارانە دنەی گەلی تورکیش دەدەن. مرۆگەلی ئەوێ سەریان لێ شێواوە و نازانن چی بکەن و لەژێر گوشاری هەردوولادان. ڕێگەی چارەسەر بە پەسەندکردنی هەبوونی کورد و پەسەندکردنی ڕاستیی مێژوویی و زانستیدا تێدەپەڕێت.

***

وەزارەتی ناوخۆ ڕۆژی 1987/8/18 بە نووسراوێک داوای لە وەزارەتی داد کرد، لەپای ئەو وتارەی سەرەوە دۆز لە دژم بکاتەوە و فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ، لە 1987/12/28 داواکارینامەیەکی ڕێکخست کە لە بەشێکیدا هاتووە:

محەمەد نوسرەت نەسین (عەزیز نەسین)، لە وتەکانیدا لای داواکاری کۆماریمان دانی پێدا ناوە بیر و بۆچوونی ژێر بەشی "پێویستە مافە کولتوورییەکان بدرێن" هی ئەون و ڕوونی کردووەتەوە دژی دەوڵەتێکی جوداخوازی کوردییە، بنەمای "دەوڵەت و وڵات و میللەتی تورکیە بارستەیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە"ی مادەی 3ی دەستوورمان وەک بنەمایەک بۆ ڕێگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتی جوداخواز تێدەگات، بۆیە پێی وایە لە بیر و بۆچوونەکانیدا هیچ ڕەگەزێک نییە، کە ببێتە بەهۆی لاوازکردن، یان نەهێشتنی هەستە میللییەکان.

دەسەڵاتی مادەی 3 لە دەستوورمان "دەوڵەت و وڵات و میللەتی تورکیا بارستەیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە. زمانەکەی تورکییە"، لە ئارادایە. لەوێدا لەپاڵ وڵاتدا لە دابەشکردن نەهاتوویی میللەتیش ڕوون کراوەتەوە. لەبەرئەوە بەهیچ جۆرێک ناکرێت باس لە گەلانی پێکهێنەری میللەتی تورک بکرێت و بەشێک لە هاووڵاتییانی کۆماری تورکیا وەک گەلێکی تر پێشان بدرێت.



عەزیز نەسین

ڕەفتاری لەو جۆرە خراوەتە بەر سزای مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورک.

دادگای باڵای ژمارە 9 ڕۆژی 1976/10/5 لە بڕیاری 48/47 دا ڕەفتاری لەو جۆرە بە: "پڕوپاگەندە بۆ دابەشکردنی نەتەوەی تورک بۆ گرووپی ئەتنیکی، ئەنجامدانی چالاکی بۆ پشتیوانیکردن لە پەروەردە و فێرکردن بە زمانی تری بەدەر لە زمانی تورکی، لە ناوبردن، یان لاوازکردنی هەستە میللییەکان" دادەنێت. بیر و بۆچوونەکانی محەمەد نوسرەت نەسین، لە یەکگرتوویی وڵاتدا گەلێکی جیاوازی کورد و زمان و کولتورێکی جیاواز دەخەنە ڕوو و داوا دەکات، ئەمە وەک ڕاستییەکی مێژوویی پەسەند بکرێت و یاساکانیش بەو ئاڕاستەیەدا هەموار بکرێن. لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوەکان گەیشتنە ئەنجامێک ئەو لێدوانانە بۆ سازدانی ڕای گشتی و هاوبەش پەیداکردن بڵاو کراونەتەوە و مادەی 142/3ی یاسای سزای تورکیان پێشێل کردووە.

(...)

بەو پێیە بەناوی ڕای گشتی و بەپشتبەستن بە مادەکانی یاسای ژمارە 2845 داوا دەکرێت تاوانبارکراوان دادگایی بکرێن و بڕیار بدرێت بەوەی:

محەمەد نوسرەت نەسین (عەزیز نەسین)ی تاوانبارکراو بەهۆی سەردێڕی "پێویستە مافە کولتورییەکان بدرێن"، بە مادەی 6-142/3 لە یاسای سزای تورکی گونجاو لەگەڵ تاوانی تاوانبارکراو سزا بدرێت.

سەرچاوە:

Bulgaristan'da Türkler Türkiye'de Kürtler, Aziz Nesin, Nesin Yayınevi, Istanbul, 2008

# هەواڵــی هونــەرمەندان:

# پیشانگایەکی تایبەتی  هونەرمەندی شێوەکاری کورد " دڵشاد بەرزنجی"



هەواڵــی هونــەرمەندان

هونەرمەندی شێوەکاری کورد " دڵشاد بەرزنجی" بەئامادەبونی پاریزگاری شاری" شاتدە" وژمارەیەک هونەردۆست و بەرپرسی شارەکە و چالاکوانان و کۆچبەرانی کوردی و عێراقی پیشانگایەکی تایبەتی خۆی لەژێر ناوی "ئاوێنەی ڕۆح" لە شارەکە کردەوە و تیایدا ژمارەیەک کەڤاڵ و تابلۆی جوانی نمایشکرد، کەڤاڵەکانی ناو ئەو پیشانگایە، پێشتر لە مانگی ئایاری ئەمساڵ بۆ ماوەی مانگێک نمایشکرابوون، بەڵام لەسەر داخوازی دەزگا هونەریەکانی شارەکە و هەرێمی "نێدەرزاکسن" لەمڕۆژانەش دیسان لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی تردا خرانەڕوو، بوونە جێی سەرنج وتێڕامانی ئامادەبووان.

لەپەراوێزی کردنەوەی پیشانگاکەدا تیپێکی گەنجان بۆ مۆسیقا، چەند گۆرانی ئاوازێکیان پێشکەش بەئامادەبووان کرد و کەشە هونەریەکەیان زیاتر خۆشتر و ئارامترکرد، دواتر هەر لە پێشانگاکەدا، لیژنەیەکی هاوبەشی دەزگای شارەوانی و دەزگای کلتور شاکارێکی ئەم پێشانگایان هەڵبژارد و دوو کەڤاڵیان دیاریکرد، کەیەکەمیان کارێکی دووانەیی یان( نێرومێ) بوو، بەناوی "عەشقی شەوە ڕەنگاڵەییەکان" و ناویان لێنا داهێنانی ناو پیشانگاکە.

لەم پێشانگایەدا زۆربەی کەڤاڵەکان بەگشتی تایبەتمەندیەکی تێدا بەدی دەکرا، بەوەی زیاتر بایەخی بە ژنان و خانمان دەبەخشی لەنێوانیاندا خانمە شۆڕشگێرەکانی ڕۆژئاوا و خانمانی پڕ سۆزی دایک و خانمە ڕۆژنامەنوسانی شەهید، هەروەها دوو کەڤاڵی تایبەتیشی لەسەر دوو خانمی دیاری باشور نەخشاندبوو یەکەمیان لەسەر شیرین کاوە گەرمیانی و ئەوی دیکەش تایبەت بە شەهیدانی ڕۆژنامەنوس .

هونەرمەندو شاعیر " دڵشاد بەرزنجی" لەساڵی ١٩٦٥ لەدایکبووە، لەبنەماڵەی شێخانی تەریقەت و ڕوناکبیری دیاری ناو شاری سلیمانین و هەر لە گەنجێتیەوە، چۆتە ناو بواری ئەدەب و هونەر و لەم بوارانەدا جێ پەنجەی خۆی نەخشاندووە، زیاتر لە دوو دەیەیە لەئەڵمانیا و لەشاری " شاتدە " دەژی، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازین.

لە واڵی

ـــــ کورد لەئەڵمانیا ـــــ وەرگیراوە

## پیشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی شێوەکار

## جەلال ڕەئووف و بەختیار سور

## لە کۆشکی فرومێنتاریۆ




## تایتڵی پیشانگاکە:

## چی ماوەتەوە لە ناو مرۆڤدا




هەردوو هونەرمەندی شێوەکاری کورد جەلال ڕەئووف و بەختیار سور، پێشەنگای هاوبەشی خۆیان لە کۆشکی فرومێنتاریۆ لە ئیتالیا لە ڕۆژانی 20 ئۆکتۆبەری 2018 کاتژمێر 18:30 بۆ 5 ی نۆڤەمبەر دەکەنەوە.

لەم ئەدرێسەی خوارەوە:

**Address**: Via San Francesco, 5A, 06081 Assisi PG, Italy


## بەشی 2 ناساندنی کتێبی
## پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد



بەشی چوارەم :
دەوڵەتەکان و میرنشینەکانی کورد، ڕێکخستنەوەی ماوەی فەرمانڕەوایی میرەکانی ئەردەڵان، مێژووی میرایەتیی بابان بنەچەو ڕەچەڵەک، میرو پاشاکانی بابان و ماوەی فەرمانڕەواییان، مەستورەی کوردستانی، زنجیرەی شۆڕشەکانی کورد، کۆمەڵەکوردستانی، کورد لەبازنەی ململانێی نێوان ئێران، عوسمانی، ئەفغان و ـ رووسیای قەیسەریدا، کورد لەشکری عوسمانییەکان بەگورگانخواردوو دەدا! میرێکی کورد ساڵێک فەرمانڕەوایی بەغدا ئەکات!
بەرگی دووەم ـ بەشی پێنجەم:
ڕێکخراوەنیشتمانییەکانی کورد ـ نێوان ساڵانی 1908ـ1947، شۆڕشی یەزدان شێر 1853–1856، یەکەمین شۆڕشی دەرسیم 1877 – 1878، نیشانەهەرەدیارەکانی شۆڕشەکەی نەهریی 1880، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی ئاگری ـ ئارارات، دوەمین شۆڕشی دەرسیم 1937،ڕاپەڕینی بەدرخانەکان 1843ـ1847، میری شکۆداری کورد عەبداڵخان.
بەشی شەشەم:
چەندین قەڵەمی نەناسراوی کورد: شارەزووریی ئامێدیی دەینووریی، ئامەدیی، مەلا مەحمودی بایەزیدیی، ئیبنولئەسیر، ئیبن خەلەکان. عێل بەگی شارەزووریی، عەلی تەرماخیی ...
رستێک ئەستێرەی پرشنگداری کورد: شەرەفخانی بتلیسیی، شێخ مارفی نودێ، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مامەیارە، ئیسماعیل شاوەیس، نوسینەوەیەکی دیکەی داستانی قەڵای دمدم، گەلی باشکورد و کۆماری باشکورد بەرچاوترین نموونەی راگوێزان، ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەرمەن.
بەشی حەوتەم:
شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان 1914ـ 1931، بنەماڵەی شێخانی سلێمانی، شڵەقانی بار و دۆخی رامیاریی و ئابوری کوردستان،داگیرکردنی ئێران، کوردو شەڕەکەی شوعەیبە، پەیمانی سایکس بیکۆ و ویلایەتی موصڵ"باشووری کوردستان"، شێخ مەحموود لەنێوان هەڕەشەو دڵنەواییکردنی تورکدا، ڕێککەوتنەکەی بەغدا لەنێوان بەریتانیاـ ـ شای عێراق ـ شێخ مەحموددا، یەکەمین کابینەی وەزیرانی حکومەتی مەلیک مەحموود، پەیوەندییەکانی نێوان شێخ و رووسیا و نامە و نامەکاریی، تەرازووی هێزەسەربازییەکانی بەریتانیا و عوسمانیـ نێوان ساڵانی 1915ـ1917 داگیرکردنی ئەستەمبوول، روبەڕووبونەوەکەی دەربەندی بازیان، ئازادکردنی شێخ لەزیندان و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، دووەمین کابینەی حکومەتەکەی مەلیکی کوردستان، کۆتایی شۆڕشەکانی شێخ، کێشەی مووصڵ و چارەنووسی باشوور، ئەفسەرانی بەریتانیا بەئاشکرا و بەنهێنی لەکوردستان، بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان، داوەقرچۆکەکەی نێوان شێخ و بەرپرسانی بەریتانیا، کۆتایی شۆڕشەکانی شێخ و داخستنی فایلی کوردستانی باشوور، پڕوپاگەندەو بالۆرەی دامەزراندنی حکومەتی کورد، پەیماننامەکانی سیڤەر، لۆزان، سایکس بیکۆ، شێخ مەحموود، سمکۆی شوکاک، حەمدی بابان، ڕاپەڕینەجەماوەرییەکەی 6 ئەیلوول 1930(شەڕی بەردەرکی سەرا)، بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی دەشتەکانی حیجاز، وەهابییەکان، کێشەکانی نێوان حسێن کوڕی عەلی و عەبدولعەزیز کوڕی سعوود، رۆڵی ئەفسەری دەسگای هەواڵگری بەریتانیا، ئێدوارد لۆرانس، کۆنگرەنێودەوڵەتییەکان و پەیمانەنێوخۆییەکان: پەیمانی ئاماسییە 1512ـ 1523، پەیماننامەی زەهاو 1048/1638/1639ز.، پەیماننامەی گوڵستان، پەیمانی نێوان عوسمانی و کورد، پەیمانی ئەرزرۆمی یەکەم و دووەم، دامەزراندنی شانشینی عێراق ، پەیماننامەی مودروس.
بەرگی سێیەم ـ بەشی هەشتەم/ فایلی 1ـ3:
بارزان و بارزانیان، هێڵکاریی رەچەڵەکی بارزانیان، شۆڕشەکانی بارزان، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد. ژ.ک .، پێشەوا قازی موحەممەد، یەکەمین سەر کۆماری کورد، بارووداۆخی رامیاری ئێران، ئاهەنگی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، شەڕو پێکدادانەکانی نێوان کۆمارو لەشکری ئێران، سەرەتای هەرەسی کۆماری کوردستان، هەرەسی کۆماری ئازەر– تەورێز، چوونی بارزانی بۆ تاران، ئەفسەرانی لیژنەی ئازادی، پێشەوا لەبەردەم داددگادا، هێزی بارزانیان دوای هەرەسی کۆمار، تراژیدیای چوار ئەفسەرەشەهیدەکان، وەسیەتنامەی چوار ئەفسەرەشەهیدەکان.
بەشی هەشتەم، فایلی 2:
بزاڤی کوردایەتی و شۆڕشی 14/7/1958، بارزانی شایەک بێ تاج ، وڵاتێک بێ سنور، دەوڵەتێک بێ ئاڵا، لەنێوان ئیسرائیل و عارەبدا، لەنێوان مەسعود بارزانی و یاسر عەرەفاتدا، شەڕەبەنێوبانگەکانی شۆڕشی ئەیلولی 1961، با لەنێزیکترەوەبارزانی بناسین، ئایا بارزانی سەرکردەیەکی خێڵەکیی بوو؟، ئایا سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بەکرێگیراو بوون؟، یەکەمین کۆسپ لەبەردەم سەرکەوتندا، ئەنجامەکانی دووبەرەکی، ڕێککەوتنی 11مارت 1970 بۆ ؟ دەستپێکردنەوەی شەڕیش بۆ ؟، نامەیەکی صەدام حسەین بۆ مستەفا بارزانی.
بەشی هەشتەم .، فایلی 3
دووا قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول و هەرەسی بەهاری 1975، پێداچونەوەیەکی هەڵوێستەکانی بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕش، هێڵەسوورەکان، نهێنییەکانی سەرکەوتنی بارزانی.
بەشی حەوتەم:
شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان 1914ـ 1931، بنەماڵەی شێخانی سلێمانی، شڵەقانی بار و دۆخی رامیاریی و ئابوری کوردستان،داگیرکردنی ئێران، کوردو شەڕەکەی شوعەیبە، پەیمانی سایکس بیکۆ و ویلایەتی موصڵ"باشووری کوردستان"، شێخ مەحموود لەنێوان هەڕەشەو دڵنەواییکردنی تورکدا، ڕێککەوتنەکەی بەغدا لەنێوان بەریتانیاـ ـ شای عێراق ـ شێخ مەحموددا، یەکەمین کابینەی وەزیرانی حکومەتی مەلیک مەحموود، پەیوەندییەکانی نێوان شێخ و رووسیا و نامە و نامەکاریی، تەرازووی هێزەسەربازییەکانی بەریتانیا و عوسمانی ـ نێوان ساڵانی 1915 ـ 1917، داگیرکردنی ئەستەمبوول، روبەڕووبونەوەکەی دەربەندی بازیان، ئازادکردنی شێخ لەزیندان و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، دووەمین کابینەی حکومەتەکەی مەلیکی کوردستان، کۆتایی شۆڕشەکانی شێخ، کێشەی مووصڵ و چارەنووسی باشوور، ئەفسەرانی بەریتانیا بەئاشکرا و بەنهێنی لەکوردستان، بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان، داوەقرچۆکەکەی نێوان شێخ و بەرپرسانی بەریتانیا، کۆتایی شۆڕشەکانی شێخ و داخستنی فایلی کوردستانی باشوور، پڕوپاگەندەو بالۆرەی دامەزراندنی حکومەتی کورد، پەیماننامەکانی سیڤەر، لۆزان، سایکس بیکۆ، شێخ مەحموود، سمکۆی شوکاک، حەمدی بابان، ڕاپەڕینەجەماوەرییەکەی 6 ئەیلوول 1930(شەڕی بەردەرکی سەرا)، بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی دەشتەکانی حیجاز، وەهابییەکان، کێشەکانی نێوان حسێن کوڕی عەلی و عەبدولعەزیز کوڕی سعوود، رۆڵی ئەفسەری دەسگای هەواڵگری بەریتانیا، ئێدوارد لۆرانس، کۆنگرەنێودەوڵەتییەکان و پەیمانەنێوخۆییەکان: پەیمانی ئاماسییە 1512ـ 1523، پەیماننامەی زەهاو 1048/1638/1639ز.، پەیماننامەی گوڵستان، پەیمانی نێوان عوسمانی و کورد، پەیمانی ئەرزرۆمی یەکەم و دووەم، دامەزراندنی شانشینی عێراق ، پەیماننامەی مودروس.

ماوێتی

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد






# باڵدین ئەحمەد

مامۆستا باڵدین ئەحمەد، لەباشوری کوردستان لە شاری سلێمانی ساڵی 1954لە دایک بووە، ئێستا لە شاری ئوترێخت لە هۆڵەندا دادەنیشێت و لەوێش کاری هونەری دەکات، ساڵی 1974 پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواو کردووە. خوێندنی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی لە ڕۆما و فلۆڕەنسای ئیتالیا و پۆلۆنیا تەواو کردووە.

دەیەها پێشنگای هونەری تایبەتی و هاوبەشی، هەر لەسەرەتای ساڵانی هەفتای سەدەی پێشووەوەتا ئەمڕۆ کردۆتەوە، هەر لە زانکۆی موستەنسریەی بەغدا و پاشان لە وڵاتانی ئەوروپا، لە زۆربەی شارەکانی ئیتالیا، فلۆڕەنسا، میلانۆ، تۆرینۆ لە ڕۆما، پۆلۆنیا، بەلجیکا، نەمسا، فەرەنسا و زۆربەی گەلەرییەکانی هۆڵەندا:

بۆ زانیاری زیاتر و کارەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

http://www.baldinahmad.com/index.html















## تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807